هـــــــــا يكۆ.. ســمكۆ ئەحمەد ڕەشيد

1
ئەو ڕۆژەی دايكم مرد،
ئەوەی لەمن زۆرتر گريـــا
ئاسمان بوو
2
لەسەر گۆڕی دايكم
شەڕی مان و نەمان دەكات ـ
پ□ پوول□ يەك.
3
دەمەوێ لە زەوی هەڵبێم
وەک خۆر نا
وەک (با) يەكی بە پەلە
4
شەو لەوە تووڕەتر نا بێ
كەی خ□ بەريان د□ بێتەوە
ش□ پۆلەكان!
5
كوچە كوچەی ئيعراب گەڕام،
شوێن پێييەكيم نەدۆزييەوە ـ
داد پەروەری!
6
لە گۆڕێكی پاندا
ياری تۆپێن دەكەن
منداڵانی ئاوارە!
7
لەم بتخانەی تاريكييە
تێنا گەم
ئيبراهيمەكان چ كارەن؟
8
ئەو سەربازەی دوێنێ لە سەنگەرەكەيدا
ن□امێكی ناشت
ئەم ئێوارەيە خۆی نێژرا

9
هێندە ناسکە،
بەرگەی ماچێکی خۆر ناگرێ
بوک□ بەفرینە.
10
لای ڕووبارەکە،
پێکەوە ڕۆژووەکەمان شکاند
من و ئەسپەکەم.
11
دڵتان ڕاخەن،
بارانێکە بەشی هەموومان دەکات
خۆشەویستی!
12
زریانی شێت،
یاری بە پەنجەکانم دەکات
پیری .
13
چەشنی گەڵا ،
دەستم خستۆتە سەر دڵم
لەم ئێوارە پاییزییەدا
14
دۆزەخ شەپۆل دەدا یان نا
گرنگ نییە
من لەگەڵ ئاگر ڕاهاتووم.
15
زەرەدەخەنەی ژنێک،
لە بنەبانی دڵمدا دەیشارمەوە
موچڕکی منداڵییم.
16
هەور لەسەر خولەک و چرکەی خۆیەتی،
هاکا لە دایک بوو
باران.
17
دەڕژێمە شەقامە جەنجاڵەکان
لە کەسێک دەگەڕێم پێی بڵێم،
سڵاو هاوڕێم
18

*(نانی پیرۆز،
بە تەنیشت میحرابی کڵێساوە
مشکێک باڵ دەگرێت)
19
گوڵ ناگرێ و .. ناگرێ
خەو نێک،
تەمەنێکە دەیبینم
20
شاعیرێک بە ئاسمانەوە،
غەزەلی تەنیایی دەنووسێتەوەـ
مانگ!
21
سپێدە کەی ژان دەیگرێت
کەی دەڕوانێته سەر باخچەی هەتاو
پەنجەرەی شەو؟
22
با شوفێرێکی یاخییە
بێ مۆڵەت
هەورەکان لێدەخوڕێ.
23
کۆتا گۆرانی،
سەری تابووتەکە دادەخاتەوە
پیانۆژەنەکە.
24
بۆ چڵە ناسکەکانی تەنیاییم
دەگەڕێتەوە
ناکۆکی من و با
25
لە هۆڵێکی سارد،
مشتومڕێکی گەرم
دیبەیت!
26
خاڵێک بۆ کۆتایی ئەو جەنگە دانێ
شەش دەیە بەسە
خودای مـــــن.

- ئەم هایکوەم لە ڕۆمانی فرانسیسکۆس قەدیسی من هەڵێنجاوە، کاتێک فرانسیسکۆس باس لە پەیدابوونی شەمشەمەکوێرە دەکات و دەڵێت ، شەمشەمەکوێرە سەرەتا مشکێک بووە لە نزیک میحرابی کڵێسا لەتێک نانی بەرەکەتداری کرماندووە، ئیتر بال□ی گرتووەو بۆتە شەمشەمەکوێرە.

سمکۆ ئەحمەد ڕەشید